# حوكمی ئەو كەسەی مردوە و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی لەسەر ماوە

[ kurdish – كوردی – كردي ]

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێكۆڵینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و ڕێنمایی

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ حكم من توفي وعليه يومان من رمضان ﴾

« باللغة الكردية »


اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2011 - 1432

IslamHouse.com

## حوکمی ئەو کەسەی مردوە و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی لەسەر ماوە

**پرسیار:** باوکم لەمانگێ شەوالدا وەفاتی کرد و بەهۆی نەخۆشیەوە دوو ڕۆژ ڕۆژووی رەمەزان ساڵی پار قەرزار بوو ، وە بۆیان باسکردن کە دەبێت لەبری ئەو ڕۆژووانە خواردن بدرێت بەهەژاران، ئایا حوکمی ئەو مەسئەلەیە چییە؟ وە چی واجبە لەسەر ئێمە ئەنجامی بدەین بۆی، ئایا خواردن بدەین و ڕژوویشی بۆ بگرێنەوە، یان هەر خواردنەکە بدەین بەتەنها، وە بۆ زانیاریش باوکمان تووشی نەخۆشی شەکرە بوو بوو، زۆر بەناڕەحەت ڕۆژووی بۆ دەگیرا؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ...

ئەگەر هاتوو باوکتان دەیتوانی قەزای ئەو ڕۆژووانەی مانگی ڕەمەزانی پێشوو بگرێتەوە، بەڵام کەمتەرخەمی تێدا کردو نەیگرتەوە هەتاوەکو رەمەزانێکی تر هاتەوە، ئەوە باشتروایە یەکێکتان ڕۆژووەکەی بۆ بگریتەوە، ئەویش بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە دەفەرموێت : (مَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ صِيَامٌ صَامَ عَنْهُ وَلِيُّهُ) {متفق عليه} واتە :هەر کەسێك مرد وڕۆژوو قەرزار بوو، ئەوە با وەلی ئەمرەکەی بۆی بگرێتەوە.

خۆ ئەگەر هاتوو لەبری هەر ڕۆژێكیش صاعێك خواردن لەو خواردنەی كە خواردنی سەرەكی ئەو شارەیە بدرێت بەهەژاران ئەویش هەر دروستە كە دەكاتە نزیكەی سێ كیلۆ ..

بەڵام ئەگەر هاتوو پێش هاتنەوەی مانگی ڕەمەزان لەبەر نەخۆشییەكەی نەیتوانی ڕۆژوەكەی بگریتەوە ئەوا نە قەزای لەسەر پیویستە و نە خواردنییش، چونكە ئەو كەمتەرخەمی نەكردوە تێیدا ..

خوای گەورە پشت و پەنای هەمووان بێت ودرود و صەلاواتیش بۆ سەر گیانی پاكی محمد المصطفى و ئال وبەیت وهاوەڵ وشوێنكەوتوانی ...

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێكوڵینەوەی زانستی وفەتوادان لەشانشینی عەرەبستانی سعودیە .

الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز .. الشيخ عبد الله بن غديان .. الشيخ صالح الفوزان .. الشيخ عبد العزيز آل الشيخ .. الشيخ بكر أبو زيد .

لە فەتواكانی لیژنەی هەمیشەیی، كۆمەڵەی دووەم بەرگی ٩/لاپەڕە ٢٦١.